

# هێڤی:

# لە ڕێگای عەشقەوە هاوسەری خۆم هەڵبژارد، بەختەوەرین لەگەڵ یەکتریدا



سازدانی:توانا عومەر

زنار: سەرەتا چۆن روتکردە دنیای هونەری گۆرانی گوتن؟

هێڤی: من هەر لە تەمەنی منداڵیەوە ئەو حەزو ئارەزوەم لە ناخدا هەبووە، کە ڕۆژێك بێت لە کاری هونەردا کار بکەم بەتایبەتی مۆسیقاو گۆرانی لە ئاهەنگەکانی تایبەتی قوتابخانە بەشداریم دەکرد، پاشان لەگەڵ هونەرمەندی موسیك ژەن (موحسین) توانیمان ژیانی هاوسەری پێك بێنین‌و ئەو هاوکاری زۆری کردم‌و ڕێگاکەی کورت کردمەوە، هاوکاریم دەکا لە لە دانانی ئاوازو دابەش کردن‌و ژەنینی بەرهەمەکانم‌و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی کارە هونەریەکانم دەکات.

زنار: لەکاری هونەریتدا، تا چەند رووبەڕوی کێشەی خێزانی بوویەوە، ئایا بنەماڵەو دایکـو باوکـ یان برا گرفتیان بۆ درووستـ نەکردووی لەسەرەتادا؟

هێڤی: خۆشبەختانە من لەم بوارە هیچ گرفتێکم نەهاتۆتە ڕێ‌و خێزانەکەم هاوکاریان کردووم لەبەر ئەوەی من هەر لە ئەڵمانیا بەشداری ئاهەنگەکانم دەکرد کە تەمەنم ٩ ساڵ بوو دەیانزانی من ئامادە نیم بەهیچ شێوەیەك دەست بەرداری هونەرەکەم بم، بۆیە بڕیارمدا دوا ڕۆژی ژیانی هاوسەریم لەگەڵ هونەرمەندێکدا پێك بێنم، بۆ ئەوەی زیاتر لێم تێبگا، دوا ڕۆژ نەبێتە بەربەست لە کاری هونەریم، تا بتوانم درێژە بە کارە هونەریەکەم بدەم.

زنار: تۆ خاوەن دەنگێکی تایبەتی خۆتی، هەواڵتـ نەداوە بەشداری فیلمی سینەمایی بکەین ئایا تا ئێستا داوایەکی لەو جۆرەتـ لێکراوە، یاخود گەر داوات لێکرا بەشداری دەکەی؟

هێڤی: نەخێر تا ئێستا بەشداریم لە هیچ فلیمێکی سینەماییدا نەکردووە، بیریشی لێناکەمەوە، بڕواناکەم لە داهاتوش بیری لێبکەمەوە .

زنار: زۆر کەس پێیوایە ئەو کچ‌و کوڕەی بەشداری کلیپەکەیان کردووە، کچەکە کچی خۆتە ئایا راستە؟

هێڤی: نەخێر ئەو کچە ئەکتەری سینەمایی تورکە، کچەکەی منیش ئەوەندە

بەتەمەن نی یە.

زنار: تاچەند کاری هونەری بۆ ئافرەت لە دەرەوەی وڵات گرفتی هەیە، بەبەراورد بە کوردستان؟

هێڤی:بەڵێ بە گشتی کاری هونەری بۆ هەموو هونەرمەندان سەختە، چی لە ڕووی ماددی یان کۆکردنەوەی موسیکژەنان لە شێوەی تۆمار کردن، یان هاتو چۆی خودی گۆرانی بێژەکە، جاری وا هەیە دەیان جار سەفەر بکات بۆ ئەو وڵاتەی بەرهەمی لێ تۆمار دەکات، لەگەڵ چەند گیروگرفتێکی دیکە بوار نیە ئێستا باسی لێ بکرێت بەتایبەت ئەو هونەرمەندە ئافرەتانە ئەگەر هاوسەریان هەبێ یاخود منداڵیان هەبێ.

زنار: ئەو گرفتو کێشە ناخۆشانە چین کە دێنە بەردەم ئافرەتی هونەرمەند لە دەرەوەی وڵات؟

هێڤی: بە پلەی یەکەم دووری ئەو هونەرمەندە لە ناوەندە هونەریەکان جاری وا هەیە ناتوانی ئاوازی چەند تێکستێکی گونجاو بەدەست بهێنی، دەبێ موسیکژەنی لێهاتووی شارەزا بدۆزیەوە بۆ تۆمار کردنی بەرهەمەکان، هەروەها گیروگرفتی ئابووری جاری وا هەیە هونەرمەندەکان بەرهەمەکەی ئامادەیە بۆ تۆمار کردن، بەڵام ئەو پارەی پێویستە بۆ تۆمار کردنی بەرهەمەکە، ئامادە نی یە ناچار دەبێت





چاوەڕوان بکات، وە کارەکانی دوابخات تا خەرجی ئامادە دەکات.

زنار: تێکستی گۆرانیەکانی هێڤی لە کەسێکی عشق دەچێت، یاخود عاشقێکی مەئیوس، ئەم تێکستانە بەتایبەتی ئەو گۆرانیەی دوایی‌و کە ریتمێکی هێواشی هەیە، چەندە لە ژیانی تایبەتی خۆت تێکستی ئەو گۆرانیانەی کە هەڵی دەبژێری؟

هێڤی: ڕاستە ئەم تێکستەی کە کردومە بە گۆرانی تەعبیر دەکات لە کەسێکی عاشق‌و دابڕاوە لە خۆشەویستەکەی، ناتوانێ بێ ئەو بژی، بەڵام من کاتێك کە گۆرانی دەڵێم ، دەچمە ناخی تێکستەکەوە هەست دەکەم خۆمم ئەو عاشقە بۆ ئەوەی ١٠٠٪ بچمە ناخی گۆرانیەکەوە، بەڵام خۆشبەختانە من بڕوام بە عاشق هەیە من لە ڕێگای عەشقەوە هاوسەری خۆم هەڵبژارد، زۆریش بەختەوەرین لەگەڵ یەکتریدا.

زنار: پرۆژەی داهاتووت چییەو بەنیازی لە ئایندە چ کارێکی تری هونەری بکەی؟

هێڤی: من هەمیشە بەردەوامم بە کارە هونەریەکەم دەدەم، گەرچی زۆر سەختە گیروگرفتی ئابوری، تا ئێستا هیچ هاوکاریەکی مادی نەکراوم لە بەرهەمم هێنانی بەرهەمەکانم، دیارە کارەکانی منیش لە دەرەوەی وڵات دەکرێت لەگەڵ گروپی موسیکی پرۆفیشناڵ، کاری وەهاش خەرجی زۆری دەوێت ، بەداخەوە کاتێ ئەلبومەکانیشمان بلاّو دەکەینەوە هیچ خەرجیەکمان بۆ ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کاری داهاتوی پێ بکەین.

زنار: خۆشەویستی لای هێڤی چی دەگەیەنێت؟

هێڤی: خۆشەویستی وشەیەکی زۆر پیرۆزە، مانای ژیانە مانای بەردەوام بونە، نوێبونەوەی بیروهەستی مرۆڤە، هەر کەسێك بڕوای بە خۆشەویستی نەبێت دیارە ناتوانێ چاکیش بیر بکاتەوە، هیچ کەسێك ناتوانێ بە بێ خۆشەویستی بژی، جا هەرجۆرە خۆشەویستیەك بێ، بەتایبەتی هونەرمەند ئەگەر خۆشەویستی نەبێت ناتوانێت هونەرەکەی، یان پەیامەکەی بگەیەنێت بە پێی پێویست بۆ گوێ گران‌و بینەرانی خۆی.

زنار: دوا پەیڤت؟

هێڤی: زۆر سوپاس بۆستافی گۆڤاری زنار، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم لە کارەکانتان.